زنجیرەی لاساری و تەئویلی نادرووس

# ئەی کافر



دیاردەی تەکفیری موسوڵمانان سەرەڕای ناکوکی
شەرع. موسوڵمان بە موسوڵمان ئەڵێ: ئەی **کافر**

چاپی دووهەم
٢

سەنەد
SANAD

Kr

بسم الله الرحمن الرحيم

سپاس بۆ خودایەک کە پەروەدگاری تەواوی جیهانە و سڵاو لە سەر ئەشرفی پێغەمبەران و ئەنبیا موحەممەدی ئەمین سڵاوی خودا لەسەر خۆی و ئەسحابی

## دیاردەیەکی نوێ: لادەری ئەندێشە

لـەم کۆتاییـەدا لـە نێوانـی موسـوڵمانان دیـاردەی تەکفیـر و بـە کافـر زانیـن بەربـڵاو بـووە، وە لـەم بـوارەدا زۆرێـک لـە مـرۆڤ تووشـی ئـەم دیاردەیـە هاتوونـە و تـا جێگایـەک کـە زۆر ئـەم ڕەسـتەیە ئەبیسـین: «ئـەی کافـر» بـە شـێوازێک کـە بووەتـە عـادەت بـۆ خەڵکـی، وە ئـەم سـەهل ئەنگاریـە بووەتـە هـۆی بڵاوکردنـەوەی فیتنـە و گەشـەپێدان بـە خوێنڕشـتن و هەتکـی حورمـەت و عاقـی بـاوک و دایـک و قەتـع کردنـی سـیلەی رەحـم، بۆیـە ئـەم دیاردەیـە بووەتـە بەهانەیـەک بـۆ کوشـتنی مـرۆڤ، پێویسـتە عەقیـدە و بـڕوای ئیسـلامی تەسـحیح و چاکسـازی بکرێـت، یەکـەم ئـەوەی کـە، دەبێـت بزانیـن ئـەم هیـچ هۆیەکـی نیـە بجگەلـە نەخوێنـدەواری دینـی و خەوشـی مەعریفـەت و ناسـینی ڕاسـتەقینەی ئیسـلام.

## بۆ ئامانە ڕوخسەت نەدراوە

هەروەهـا کـە پێغەمبـەری خۆشەویسـت صلـی اللـه علیـه و آلـه و سـلم دەفەرمـووێ: (ئەگـەر کەسـێک بـە بـرای دینـی خـۆی بڵـێ ئـەی کافـر، گوناهـی ئـە پەیوەنـدی دانـە دەکەوێتـە سـەی یەکێـک لـە ئـەو دوو کەسـە، ئەگـەر لـە ڕاسـتی بێـت کـە هیـچ، ئەگینـا دەگەڕێتـەوە سـەری خـۆی)[1].

ئەبـوزەر ڕیوایـەت دەکا کـە پێغەمبـەری خـودا سـڵام و سـەلەواتی خـودای لەسـەر بـێ فەرمـووی:
هەرکەسـێک مرۆڤێکـی بـە کوفر تۆمەتبـار کـرد یـان ووتـی ئـەی دوشـمنی خـودا و قسـەکەی ڕاس نەبـێ، ئـەو کفـرە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەر خـۆی[2].

أبـو سـعید خدری ڕیوایـەت دەکا کـە پێغەمبـەری خـودا سـڵام و سـەلەواتی خـودای لەسـەر بـێ:
(هیـچ مرۆڤێـک مرۆڤێکـی تـر تەکفیـر نـاکات، مەگـەر ئـەوەی کـە دەکەوێتە سـەری یەکێکیـان، ئەگـەر کافـر بێـت کافـرە و ئەگـەر کافـر نەبێـت بـەو تەکفیـرە خـۆی کافـر دەبـێ)[3].




١ - رواه البخاري ومسلم

٢ - رواه البخاري ومسلم

٣- رواه ابن حبان في صحيحه في كتاب الإيمان

# تێگەیشتنی هەڵە، بیرۆکەی هەڵە

بەڵام ئایەکو لە نێوانی موسوڵمانان کەسانێک نین کە بە کردارەکانیانەوە کافر دەبن



تەواوی ئەو کەسانەی شەهادەت دەدەن کە هیچ خودایەک بوونی نیە بجگە لە الله نەبێ و موحەممەد پێغەمبەری خودایە و لە چاکە خۆشحاڵ دەبن و بە گوناە نارەحەت دەبن، دەی ئەوانە مؤمینن. أمیرالمؤمنین عمر بن الخطاب ڕەزای خودای لێ بێت ووتی کە پێغەمبەری خودا فەرمووی: هەرکەسێک کە بە کاری چاکەی خۆی شاد دەبێتەوە و بە گوناهەکانی نارەحەت دەبێ، ئەوە مؤمینە. خۆزگا بتزانایەت کە ئەو کەسەی کە بە برای خۆی ئەڵێ: ئەی کافر، و ئەوە لەو کەسانەیە کە بە کرداری چاکە شادە دەبێتەوە و بە گوناە نارەحەت دەبێ، ئەگەر لەسەر خۆی شەهادە۔ بە کوفر بدرێت بۆی باشترە تا پێی بڵێن با ئیمان.[1].

و حەدیسی ئەعمەش لە ئەبو سوفیان ئەمەیە کە ووتی: بە جابیر رەزا خودای لێ بێ ووتم: ئایە بە کەسێک لە ئەهلی قیبلە ئەتانووت کافر؟ ووتی: نە، ووتم: ئەی موشریک؟ ووتی: پەنا بۆ خوا؛ زۆر تۆقی لەو قسەیە"[2].

بەڵام خودای تەعالا فەرمووی: هەر کەسێک کە حوکم بەوەی نایا کە خودا ناردویەتیە خوارەوە، ئەوانە کافرن. ئەگەر تەواوی دەسەڵاتداران کە عەمەل بە شەریعەت کافرەکان ناکەن، بۆ تەواو ئەوانەیش کە ڕەزامەندن بە حوکمی دەسەڵاتداران ئەبێ وابن، ئایەکوو وەها نیە؟

**هەرگیز**، ئەمە ڕاست نیە کە سەحابە و تابعین و کۆری و زانیاران واتای کفریان تەفسیر کردووە، ووتویەتیان کە ئەوە مەبەست کفر دونی کفرە، وادیارە ئەوەی گوناهێکی گەورەی تێدایە، بەڵام ئەو کەسەی ئەو کارەی کردووە، لە دین دەرناچێت.



کێ وتوویەتی ئەوە کفر دونی کفرە؟

ابن عباس، و حذیفە و طاووس و مجاهد و ئەحمەد کوڕی حەنبەل إبن عبدالبر و موفەسیرەکان بە گشتی وەکوو ئیبن جەریر و فەخری ڕازی و البغوی و الخازن و القرطبی و غیرهم[3].

ئەی چۆنە زۆربەی زانیاران و لایەنگرانیان بۆچوونیان ئەوەیە کە ئەو کەسانەی کە بە ئەوەی خودا حوکمی داوە عمل ناکەن کافرن؟

هەرکەسێک ئەم بۆچوونەی هەبێت، ئەوە درۆی داوە چونکە ئەوە بڕوای خەواریجە و بڕوای ئەهلی سوننەت نیە.

ئیمام قرطبی سەبارەت بە تێگەیشتن وتوویەتی: ئەمە قەولی خودای تەعالایە: هەر کەسێک حوکم بەوەی نەدات کە خودا ناردویەتیە خوارەوە، کافرە. کەسانێک هەن کە بە ڕووالەتی ئەم ئایەتە ئێحتیجاج دەکەن و خەڵک بە کافر دەزانن، ئەوانە خەوراجن، و هیچ حوجەتێک بۆ ئەوانە نیە.[4]

ئیمام سەمعانیش لە تەفسیرەکەیدا فەرموویەتی: دەزانم کە خەوارج بە ئەم ئایەتە ئیستدلال دەکەن بەمەی کە هەر کەسێک حوکم نەکات بە ئەوەی خوا ناردوویەتی خوارەوە ئەوە کافرە، بەڵام ئەهلی سوننەت بۆچوونیان ئەوە بووە کە بە تەرک و بە جێهێشتنی ئەم حوکمە موسوڵمان نابێتە کافر.[5]

١ - ابن عبد البر في التمهيد لما في الموطأ من المعاني والأسانيد، باب العين مسألة الجزء السابع عشر (١٧/١٥-٢٢).

٢ - المرجع السابق ورواه أبو يعلى والطبراني في الكبير ورجاله رجال الصحيح كما أورده نور الدين الهيثمي في مجمع الزوائد.

٣ - ذُكر بتوسع في المطوية الأولى.

٤ - المفهم لما أشكل من تلخيص مسلم، لأبي العباس أحمد القرطبي ٢|١١٦.

٥ - تفسير الإمام السمعاني ٢|٤٢.

# گومان و ئەوهام لە لای هەندێک لە لایەنگرەکان

**ئایە لە نێوانی موسوڵمانان کەس پەیدا دەبێ کە شیرکی ئەکبەر مورتەکیب بێ لە بەرامبەری خودا و لە ئیسلام تێکپەڕ بێت؟**



لە نێوانی موسوڵمانان کەس پەیدا ناکەی کە شیرکی ئەکبەر لە بەرامبەر خودا دەرببڕی بەڵام لە ئیسلام دەرچێ. .

**چ دەلیل و بورهانێک بۆ ئەمە هەیە؟**

بورهان بۆ ئەوە ئەوەیە کە پێغەمبەر صلی الله علیه و آله و سلم، عقبه بن عامر رەزای خودای لێ بی ڕیوایەت دەکا: بە خودا من لەوەی ناترسم دوای من بۆ خودا شەریک دانێن، بەڵام ترسی من ئەوە بە شیرکەو لەگەڵ یەکترین پێشبڕکێ بکەن. [1]

**تێگەیشتنی عولەما لە ئەم کەلامەی پێغەمبەر چیە؟**

بە ئەو ئایەتەوە ترس لە سەر ئۆممەت دەسەمێندرێت لە پێشبڕکێ لە سەر دونیا و چالاک بوون لە هەلاک بوونی، وە سەرنجیان بەوەی ڕانەکێشا کە چ ترسێک لەسەر ئۆممەت بە گشتی سەبارەت بە شیرکی ئەکبەڕ هەیە، هەروەها کە مەعسومێک وەکوو حەزرەتی موحەممەد سڵاوی خودی لەسەر بێت ئاماژەی پێ کردووە. سەرنج بە ئەمەیە قەولی ئیمام ئیبن عبدالبر لە التمهید: وە بترسێت بۆ ئۆممەتی موحەممەد لەسەر شتێک کە پێغەمبەر خۆی ترسی لەسەر دەرنەبڕیوە کەڵکێکی نادرووسی لە دین وەرگرتووە کە ناشاردرێتەوە.[2]



**بەڵام ئایەکو پێغەمبەری خودا لە حەدیسێکدا کە موسلیم ڕیوایەتی کردووە نەیفەرمووە کە : شەو و ڕۆژ تێکڵاو نابێت مەگەر ئەوەی کە لات و عزی پەرەستش بکەن.**

ئەو حەدیسە سەحیحە، بەڵام ئەوە کامیل کردنەوەیەکی هەیە کە شاردراوەتەوە هەر کەسێک بە حەدیس ئیستناد بکات بۆ تۆمەتبار کردنی موسوڵمانان بە شیرک، ئەوە بەداخەوە ئەتوانین بڵێین خەیانەتێکی زانستیە.

**ئایەکوو ئەوە ژیرایەتیە؟! ئەوەدوای حەدیسەکە لە کوێیە؟**

عائشە دەڵێ بیستم لە پێغەمبەری خودا صلی الله علیه و آله کە ئەیووت: شەو ناگاتە ڕۆژ مەگەر ئەوەی کە لات و عزی پەرەستش بکرێت. ووتم ئەی ڕەسول الله آیا کارێکی درووسە گومانم هەبێت لەوەی کە خودا فەرموویەتی: ئەو کەسێکە کە پێغەمبەرەکەی بۆ هیدایەت بۆ دینی حەق نارد تا دینەکەی ڕۆشنەو بکاتەوە، هەرچەند موشریکەکان ئیکراهیان بێت. کە تەواوی و کامیلی قسەکە ئەمەیە: ئەوە وەها دەبێت کە حەزی خودای لەسەر بێت، دوای ئەوەیە کە خودا بایەکێ خاوێن هەڵ دەستێنە و بەو بایە تەواوی ئەوانەی میسقالی خەردەڵێک لە ئیمان لە قەلبیانە دەمرێنێت و ئینجا هەرشتێک هیچ خێرێکی تێدا نەبێت دەیگەڕێنێتەوە بو باوکەکانیان. )[4].

١ - رواه البخاري ومسلم.

٢ - التمهيد لما في الموطأ من المعاني والأسانيد باب الياء ص ٢٦٤.

٣ - (التوبة:٣٣)

٤ - رواه مسلم في صحيحه

وە لێرەدایە کە دەردەکەوێ کە عیبادەتی لات و عزی و ئەم بوتانە پەرەستشێک لە جاهلیەت بووە کە هیچ کاتێک ناگەڕێتەوە بجگە دوای ئەوەی کە الله ڕوحی تێکڕای موminەکان لە ئاخری زەمان دا لە کاتی دەرکەوتنی نیشانەکانی ساعەتی کوبرا قەبز دەکات، وە ئەمە شتێکە کە لە چەرخی ئێمەدا ئیجات نابێ و بۆیە ئیمان لە ناو ناچێت بە گەورەیی خودای تەعالا.

## بڕوای هەڵە لە نێوانی موسوڵمانانـدا

**بەڵام پرسیار ئەمەیە ئایەکو ئەو زیارەتگەرانەی قەبرەکان کە بە دەوری قەبرەکاندا تەواف دەکەن و گەورەی دەکەنەوە موشریک نین؟**

کرداری تەواف لە دەوری قەبرەکان کارێکی حەرامە بەڵام شیرک نیە، چونکە شیرک بەواتای ئەوەیە کە کەسەکان خاوەنی قەبرەکە عیبادەت بکەن و ئەمە شتێکی باو نیە، بەڵکوو ئەو کەسانە ئەیانەوێ کە بەم تەوافە بە خودا نزیکتر بوونەوە، هەرچەند ئەمە حەرامە چونکە دەبێت خودا عیبادەت بکەن بە تەواف لە دەوری کەعبە نەک دەوری قەبر.



**بەڵام مەگەر موشریکەکانیش نەیان ئەووت کە ئێمە عیبادەتیان ناکەین بەڵکوو ئێمە بە خودا نزیکتر ئەکەنەوە. (الزمر ٣). ئەو کەسانەیش کە بە دەوری قەبرەکاندا تەواف دەکەن دەیانئەوێ بەو شێوازە بە خودا نزیکەو بوونەوە وەکوو ئەو موشریکانە؟**

**هەرگیز**، فەرقی نێوانی ئەم دو دانەیە زۆرە، چونکە موشریکەکان ئیعترافیان دەکرد کە ئەم بوتانە پەرەستش دەکەن بۆ تەقەروب بۆ لای خودا، بەڵام بی ئاگاهی موسوڵمانان، بڕوایان ئەوە نیە کە ئەو قەبرانە عیبادەت دەکەن (اصحابی قبور، دەی جیاوازی ئەم دو گەلە زۆر ڕوونە.

وە تەواف کردن بە دەوری شتێکیشدا، بە واتای عیبادەت کردنی ئەو شتە نیە، ئێمە بە دەوری کەعبەدا تەواف دەکەین و تەوافەکەکان بە واتای عیبادەت بۆ خودایە.

وەهایە کە ئەوکەسانەی تەواف دەکەن بە دەوری قەبرەکاندا عیبادەتیان ناکەن، بەڵام تووشی بیدعەتی تەواف بە دەوری قەبرەکاندا ئەبن، و الله تعالی عیبادەتیان قبوول ناکات بەم تەواف کردنەوە هەروەها کە لە پێشەوە ئاماژەمان پێی کرد.



**ئایەکوو دەلیلێکی تر بۆ گەڕانەوەی عیبادەت بۆ غەیری خودای تەعالی لەسەر موسوڵمانەکان پەیدا نابێ؟**

بەڵێ ژماری دەلیلەکان سەرنجڕاکێشە کە لە جابر ابن عبدالله ڕیوایە. دەبێ کە بیستم پێغەمبەر ووتی: بەڕاستی کە شەیتان لەوەی کە نوێژخوێنەکانی جەزیرەی عەرەب بیپەرستن نائومێد بووە، بەڵام بە شەڕ لە نێوانی ئەواندا دڵی خۆش کردووە. [1]

ئەوەیش کە لە ابن مسعود ڕەزای خودای لێ بێت ڕیوایەت بووە کە ووتی، ڕەسول الله فەرمووی: بە ڕاستی کە ئیبلیس لەوەی کە بوتەکان لە جەزیرەی عەرەبدا پەرەستش بکرێت ناهومێ بووە، بەڵام بە شتێک کە گوناهی کەمترە ڕازی بووە، و ئەوەیش ڕەزیلەتەکانە. [2]



١ - رواه مسلم في صحيحه.

٢ - أخرجه الحاكم في المستدرك وصححه ووافقه الذهبي.

**بەڵام زۆر هەیە لە نێوانی شێخەکان و لایەنگرەکانیان کە خەڵکی بە کافر دەزانن و تۆمەتباریان دەکەن بە شیرک، دەی چۆن دەبێ؟**

ئەمانە لە گومڕایی و هەڵەدان، و پێغەمبەر ئێمەی نەهی کردووە لە ئەم کارانە پێشتر لە ١٤٠٠ ساڵ وەکوو ئەوەی کە لە نێوانماندایە.
حذیفە ووتی کە پێغەمبەر فەرمووی: من لەوەی ناترسم کە مرۆڤ قورئان بخوێنێتەوە و خۆشیەکەی لەسەری دڵی دا دەرکەوێ، و بەئەوە خەڵکی بە کافر بزانێت، و کێشە بەو کارەی بدات، بۆیە لە قورئان دور دەکەونەوە و پشتی لێ ئەکەن، و بە شمشێر خەڵکی دەترسێنن و تۆمەتباریان دەکەن بە شیرک.
پرسیاری کرد: پرسیم: ئەی پێغەمبەری خودا کامەیان بە شیرک نزیکترن؟ ئەوەی تۆمەتبار ئەکات یان ئەوەی تۆمەتبار دەبێ؟
فەرمووی: ئەوەی تۆمەتبار دەکات.[1]





**سبحان الله چۆن دەبێ بەم کارەوە ئەو هەموو کوشتن و خوێن ڕشتنە بێت بە هۆی تەکفیرەوە و تۆمەتبار کردن بە شیرکێک کە پێغەمبەر نەهی لێ کردووە. ؟!**

بەڵێ، هەرکەسێک کە مورتەکیبی ئەم مەترسیە گەورەیە بێت، ئەوە گوناهێکی گەورەیە لە گوناهە هەرە گەورەکان و و ەکوو ئەوەیە کە تەواوی خەڵکی پێکەوە کوشتبووبێت. خودا فەرموویەتی:
(بۆیە بە بەنی ئیسرائیمان واجب کرد کە هەرکەسێک کە نەفسێکی بە قەتل گەیاند بە بەجێ، و یان فەسادی دەرخست لەسەر زەمین، وەکوو ئەوەیە کە تەواوی خەڵکی پێکەوە بە قەتڵ گەیاندبووبێت و هەر کەس کەسێک زیندوو بکاتەوە وەکوو ئەوە یە کە تەواوی خەڵکی زیندوو کردوبوبێتەوە و بەڕاستی کە ڕێگای ڕۆشن بۆیان دەرکەوت بەڵآم دوای ئەوای دەستیان کردە با گوناهانی گەورە بەڕاستی کە موسریف بوون.
و ڕەسول الله فەرمووی: جنێو دان بە موسوڵمان فیسقە و کوشتنی کوفرە[2].

لە خودای گەورە داوا ئەکەین کە ئێمە لە گوناهی کەبیرەی تۆمەتبار کردنی موسوڵمانان بە شیرک بپارێزێت، و خوێنی موسوڵمانان نەڕێژین و براکانمان هیدایەت بدات، ئەوانەی کە گومڕا بوون بە تەکفیری موسوڵمانان و ئەو تەکفیرە ئەنجامی بوو بە کوشتن و تەفجیر ، و لە خوا داوا دەکەین کە ئۆممەتی موحەممەد لە فتنەکانی دوای ئەو بپارێزێت و بە ڕاستی کە خودا دەسەڵاتدارە لەسەر ئەوە و ئەو ارحم الراحمینە.

١ - روى ابن حبان (٨١)، والبخاري في "التاريخ الكبير" (٢٩٠٧)، والبزار (٢٧٩٣).

٢- رواه البخاري ومسلم.

# هاوکاری درووس و ڕاستەقینە لەگەڵ هەڵەکانی موسوڵمانان



ئەگـەر جـەدەل و شـەڕمان تـەواو کـرد بـەو دەلیلانـەی کـە سـەبارەت بـە تۆمەتبـار کـردن و موشریـک زانینـی موسـوڵمانان دەرمـان بـڕی، نەتیجـەی ئـەم کرداره درووسـە ڕاسـتەقینەیە، و ئایەکـوو بـۆ عولەمـا هەیـە کـە لەسـەر ئەمـە سـاکت بـن و لـە بەرامبـەری ئـەم هەمـوو لاساری و لادەریـە لـە کومەڵـگای ئیسلامی دا هیـچ نەڵێـن؟

نـە، چارەیەکـمان نیـە بجگـە لـەوەی کـە عولەمـا و پەیڕەوەکانیـان ڕاسـتەقینەی ئـەوەی دژ بـە شـەرعە سـەرنج بـە ئـەم پێشـنیارانە چاکسـازی بکەنـەوە:

- خەتـا کان و هەڵـەکان بـە نەرمـی و دۆسـایەتی چاکسـازی بکـەن و ئەمـە شـتێکە کـە پێغەمبـەری ئێمـە ڕێگاکـەی پێـمان نیشـان دا.
- ئۆممـەت بـە گشـتی و گەلەکانیـەوە لـە وقوعـی کوفـر یـان شـیرکی اکبر بریـن، الا ئـەوەی کـە بـە نەسـی ڕونـی نەبـەوی چاورچێوەکانـی دەربڕابووبێـت.
- ئـەو کەسـانەی کـە ئەیانـەوی هەڵەکانـی موسـوڵمانان چاکسـازی بکـەن بۆیـان هەیـە کـە سـوء ظـن و بەدگومانـی موسـوڵمانان لـە کـردار و بڕواکانیـان ڕوون بکەنـەوە و بزانـن کـە مورتەکیـب بوونـی ئەوانـە نابێـت بـە هـۆی کافر بـوون، ئەگینا ناتوانیـن بگایـن بـە نەتیجـەی دڵخـواز.
- واجبـە لـە سـەر عولەمـا بـۆ ئەوەـی بۆچـوون دەربـڕن کـە لـە علومـی شـەرعی هاتووە، نابێـت ئـەوەی نازانـن و فقهیـان نیـە اجتهـاد بکەن لەسـەری.
- لایەنگـری غەیـری پسـپۆڕەکان لـە فقـە دەبێـت بـە گەنجـەکان فێـر بکردرێـت، بـەڵام نابێـت ناهومـێ بـوون لـە مەسـدەری فەتـوا.
- تەکفیـر حوکـم و بڕیارێکـی شـەرعی قەزایـی بێـت و بـۆ موسـوڵمان هەیـە کـە لـە دینـی دا دوری بـکات لـە کافـر زانیـن دیگـەران.

# زنجیرەی لادەری و تێگەیشتنی هەڵە

پێغەمبەری خودا سڵام و درودی خودای لەسەر بێت فەرموویەتی: (لە هەر نەسڵێک دادگەر و عادڵەکانی ئەو، ئەم زانیاریە فێر ئەبن، و لادەری دانی دەسدرێزان و زۆرووتنی ئەهلی باتڵ و تەئویلی نادانەکان پارێزداری لێ دەکەن).

تێگەیشتنی هەندێک لە خاوەنەوانی بێر و بروا لادەرەان لە کەلام و ووتاری اللە سبحانە و تعالی بە شێوازێکە کە لەگەڵ مەنهەجی زانستی بە میرات گەیشتوو لە سەلەف ساڵەح هاو ئاهەنگی نیە، و لەگەڵ ئامانجەکان و نرخە مەزنەکانی وەحی ئیلاهی ناکۆکە.

تێگەیشتنیان ئەوەیە کە هەندێک لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز کە سەبارەت بە غەیری موسوڵمانان هاتووەتە خوارەوە، دەربارەی موسوڵمانانە.

و سەرنجیان بە ئایەتگەلێک ڕاکێشا کە بە هەڵاوێر وەر گیراوەتەوە، بۆیە سەرنج بە ئەو ئایەتانە ئەحکامێکی گشتیان پێکهێنا و مەبەستەکانی ووتاری خودایان کیشا بە لاساری بە شێوازێک کە بوو بە هۆی قووڵ بوونەوەی چەمکانێک لە ژیرایەتی موسوڵمانان کە هەڵەیەکی و ئاشکرا و ناپەسەند بوون، کە بە هۆی ئەوانەوە سرۆشت و کردارگەلێک گەیشتن بە ئەنجام کە هیچ پەیوەندیەکیان بە دینی ئیسلامەوە نیە.

لەماوەی ئەم بەشەکانی جۆراوجۆری ئەم زنجیرە پەیوەندی دارە سەبارەت بە مانعاکانی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز زور لێکۆڵینەوەمان دەبێت، ئەو لادەری و لاساریانەی کە خاوەنەکانی بیر و ڕای توند و تیژ تووشی هاتوون پێکەش دەکرێت، بێگومان جیاوازی ئەمانە لەگەڵ تێگەیشتنی پێغەمبەر صلی اللە علیە و و آلە و صحبە و سلم و سەلەفی ساڵەح و شەرێعەتی خاوێن.

حەدیسی بەناوبانگی ابن عبدالبر، ڕیوایەتی کردووە لە احمد کوڕی حنبل کە ووتویەتی: ئەم حەدیسە سەحیحە.

١ - حديث مشهور صححه ابن عبد البر، وروي عن أحمد بن حنبل؛ أنه قال: هو حديث صحيح.


SANAD

www.sanad.network
twitter: @sanadnetwork
facebook.com/sanadnetwork
youtube.com/sanadnetwork

دار الفقيه للنشر والتوزيع
DAR AL FAQIH
PUBLICATION & DISTRIBUTION